# ئەو ترسەی میدیای کوردی دروستی کردووە
# ترسە لەدیموکراسیەت , یان لاوازیە لەدیموکراسیەتدا ؟

**محمد حسين**
muhemedhusen@yahoo.com



هـەموو کـەس مـاڤی ئاگـاداربون و زانـینی هەیـە لـەبارەی ئـەو پێشـهات و ڕوداوانـەی پەیوەنـدی بەژیانیەوەهەیە , هیچ پاساوو بیانویەکیش بایی ئەوە نیە ئەم مافەی لەپێناودا فەرامۆشکرێت , بۆئـەوەی ئـەم مافـەیش پـارێزراو وفەراهـەمکراو بێـت ئـازادی ڕادەربـڕین پێویسـتە , بـەبێ فەزایـەکی ئـازادیش بـۆ کەناڵەمیدیاییەکان و میدیاکاران ئەم ئازادیە ناتوانێت بژی .

گەر ئەو پەراوێزە ئازدەی میدیاکارە بوێرەکانی کوردستان دروسـتیان کـردووە لـەم وڵاتـەدا نەبوایـە , هـیچ شتێك نەبوو پینەو پەڕۆی دیموکراسیەتە کۆڵەوارەکەی پێ بکرێت , هیچ ئەگـەرێك نیـە بۆهـەر کەسێکی گەشبین بیەوێـت ئومێـدی خۆی لەسـەر بینـا بکات , ئەگـەر چـی ئـەم بـوارەیش بـە شـوێنەوارە یاساییەکانی بـەعس و دەیـان گـرفتی تـر مینرێژکراوە , کەچی تەنها ڕویەکی جوان بووە لە ئەزمونی حوکمڕانی هەرێمی کورسدتاندا , بـەبێ ئـەم پـەراوێزە بەرتەسکەیش بەهـەر کەسێك بڵێیت لەکوردستاندا هەوڵەکانی دیموکراتیزە کردن و پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی لەئارادایە , دورنیە بەدرێژایی یـەك هەفتـە پێ بکەنێت . بەڵام وادیارە گەیشتوینەتە دۆخێك کە ئەم پەراوێزە بچوکەیش بۆخەڵکی کوردستان بەزۆر ئەزانرێـت , یـاخود بەرژەوەنـدی دەسڵاتداران و ماڤی هاووڵاتیـان لـەزانین و ئاگـادار بـوون کەوتونەتـە ناکۆکیەکـەوە دورنیـە ئەنجامکـەی بەخنکانـدنی دەنگە ئازادەکانی نـاو ڕۆژنامەگەری کوردی کۆتایی بێت . گەر هەوڵ و تەقەلایـەك لەلایـەن دەسـلآتدارانی کوردسـتانەوە بۆدەمکوت کردنـی کەناڵە ئازادەکانی میدیای کوردی دەستی پێکردووە , یان لەداهاتودا چاوەڕێ ئەکرێت , تەنها لەسۆنگەی ئەم ناکۆکیەوە ئەشێت لێی تێ بگـەین . نەگبـەتی ئەم ئەزمونە سەقەتەیش لەوەدایە ئەوەی دەسڵاتدار نەیوست تۆ نابێت بیزانیت , یاخود میدیاکاری ئـازادی ( سـەرەڕۆ ) ی بـێ هـیچ پشت وپەنایەکی یاسایی و دەستوری نابێت بیکاتە هەواڵ و لەلاپەڕەکەی خۆیدا بلآوی کاتەوە . کێشەکە ئەوەنیـە پێویستمان بـە میـدیای ئازادە بۆئـەوەی هەسـت بکـەین لەکەشێکی دیموکراسیدائەژین , بـەڵکو هـەر لەسـەرەتاوە قسـەو باسێکی لـەم جۆرە فشۆڵی و دەسـتکورتی ئـەو ئەزمونە ( بەناو دیموکراسیەمان ) نیشان ئەدات کە هەمیشە تارمایی و هەڕەشەکانی وەك مۆتەکەیەك بووە بۆ دەنگە ئازادەکانی میـدیای کـوردی . ئێمـە سـاڵانی ڕابـردوویش هـەوڵی جۆربـەجۆری دەم کوتکردنمـان بینیـوە , بـەڵام لـەوە ئەچێت ئـەم جارەیـان ڕێکخـراو تـر و بەرنامەڕێژکراو تر هەڵمەتێك بەڕێوە بێت .

ئەزمونی وڵاتانی تری دراوسێ نیشانی داوین کە ترسی هەر دەسڵاتدارێك لەگەلەکەی خۆی سەرەتا لەو ترسەوە دەست پـێ ئـەکات بەرامبـەر کەناڵە ئازادەکانی میدیا هەیەتی , بەتایبەتی ئەو کەناڵانەی ئەیانەوێت دەنگی زۆرینەی هاووڵاتیە بێدەنگەکان بێت . کەشی ڕۆژنامەگەری کوردی لەگەڵ ئەم پەراوێزەیشدا گرفتی خۆی هەر هەبووە , میدیاکاری کورد پێش ئەوەی کەلەپچەکە بکرێتـە دەسـتی گـەلێك ئاستەنگی تری لەبەردەمدایە , ئاستەنگی ئەو یاسا کۆنانـەی جێ پەنجەکانی بەعسی پێوە دیارەو تائێستایش بـەکار ئـەهێنرێت بۆجڵەو کردنیـان , ئاستەنگی شاراوەیی ئەو زانیاری و داتانەی پێویستە میدیاکار دەستی پێی بگات و کەچی ناگات , ئاستەنگی نەبونی یاسایەك بـە دەسڵاتدار و بـەرپرس بڵێـت ئەمـە ماڤی ڕۆژنامـە نوسـەو ناکرێت کـەی میزاجت نـەبوو دەرگاکانی لـێ دابخـەیت ... هتـد , بـەڵام لـەوە ئەچێت ئـەو بەرپرسانەی کە دەنگە فـریلانس و بوێرەکانی میـدیای کـوردی ترسـاندونی پێیـان وابێـت دیموکراسیەتەکەیان نەپێویستی بەشـەفافیەت هەیە و نە بەڕۆژنامەگەری ئازادیش !!

لـەم نێـوەدا ئیشـکالیەتەکانی میـدیای ئیلکترۆنـی کـوردی زیـاد لەپێویسـت زەق کراوەتـەوە , ڕاسـتە سـنورداری بـەکارهێنانی ئینتەرنێـت لەکوردستاندا هێشتا ڕێگـرە لـەوەی کـە ئـەم بەشـەی میـدیای کـوردی بەئاسـانی بڕواتـە هـەموو ماڵێکـەوە , بـەڵام بێگومـان ترسـە گەورەکـە لێرەوە دروست بووە , ئەم فەزا ئەلکترۆنیە بەڕادەی جڵەو شکێنی و سنور نەناسیەکەی ترسیشی دروست کردووە ... لەهەموی زیـاتر ترسـی ئەوەی کە هەرکات ویستیان ناتوانن دایخەن , ناتوانن ڕایکێشنە دادگاو ناچاری کەن بۆئەوەی سەرچاوەی زانیاریەکانی ئاشکرابکات . ئەزانین هەموو گەندەڵیەکانی ناو ڕۆژنامەگەری کوردی هاتۆتە ئەم بوارە ئیلکترۆنیەوە , ئەو کەڵچەرە ناشیـرنەی جنێوبـازی کـە لـە شـەڕی نـاوخۆدا

داهێنرا لێرەوە جارێکی تر زیندوو کراوەتەوە , بەڵام دەنگە پۆزەتیڤە ئازادەکانیان هێندە بیستراون کە بتوانن بەسەر ئەم گەن و گۆتاڵەی ڕابردووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا زاڵبن .

ئەم ترسەی ئەمڕۆ بەرامبەر دەنگە ئازادەکانی میدیای کوردی دروست بووە چەند ڕاستیەکی تاڵمان نیشان ئەدات :

هەر لەسەرەتاوە ئەو خەیاڵە نەخۆشەی سیاسیەکانمان نیشان ئەدات کە ئەیانەوێت خەڵکی کوردستان بێ بەشکەن لەزانینی لانی کەمی زانیاری بەرامبەر ئەو ڕوداو و پێشهاتانەی ڕاستەخۆ پەیوەندی دارە بەژیانیانەوە , بێبەشکردنی هاووڵاتیان لەزانینی باکگراوەندی ڕوداو و کێشەکانی ناو گۆڕەپانی کوردستان جگە لەوەی سەرەتای دروستبونی زۆر کێشەی تریشە , بەڵام بۆخۆی مردنێکی کارەساتاوی ئەو پەراوێزە ئازادەیە تائێستا میدیاکارەکانی کورد بەترس و ورياييەكی زۆرەوە هەڵسوکەوتیان تیا کردووە .

ئەگەر خەڵکانێك هەر لەبەر ئەوە ئازادی ڕادەر بڕینیان قبوڵە کە وێنەیەکی کاریکاتۆری دیموکراسیەتەکەی هەرێمی کوردستانی پێ نیشانی دەرەوە بدەن , ئەوا بۆهەموو ئەو دەنگە میدیایی و ڕۆشنبیری و سیاسیە ئازادانەی خەونی دروستکردنی کەشێکی لەبارتر و ئازادتریان هەیە بۆئەم وڵاتە , ئەم کێشە زۆر لەوە چارەنوسسازترە تەنها هەر گرفتی بەرتەسککردنەوەی ئازادی ڕادەربڕین بێت . کە میدیای ئازادی کوردی سەرکوتکرا و بەسەرمانا تێپەڕی , ئیتر ڕێگە خۆش ئەبێت بۆسەرکوتکردنی هەموو ئازادیە کانی تریش .